# یەک نێوەڕۆک و دوو لێکدانەوە؛ گرێبەستە نوێیەکانی نەوت و گاز لە عێراق و چارەنووسی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان

07-12-2023

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** بڕیارە شوباتی 2024 وەزارەتی نەوتی عێراق بە فەرمی براوەکانی گەڕی پێنج پلەس و شەشەمی گرێبەستە نەوتی و گازییەکان بۆ 30 کێڵگە رابگەیەنێت، هەرچەندە تاوەکو ئێستا کۆمپانیا گەورەکان و بەتایبەتیش ئەمریکی و بەریتانییەکان نەک هەر خواستی بەشدارییان نەبووە، بەڵکوو دەکشێنەوە و کشاونەتەوە، بەڵام کۆمپانیا چینی و رووسییەکان دەیانەوێت کارەکانیان فراوانتر بکەن و فەرەنسییەکانیش رێککەوتنێکی مێژوویان کردووەو، خەلیجییەکانیش، بەتایبەتیش ئارامکۆی سعودی داوای گۆڕینی شێوازی گرێبەستەکان دەکەن.

بڕیارە شوباتی 2024 وەزارەتی نەوتی عێراق بە فەرمی براوەکانی گەڕی پێنج پڵەس و شەشەمی گرێبەستە نەوتی و گازییەکان بۆ 30 کێڵگە رابگەیەنێت، هەرچەندە تاوەکو ئێستا کۆمپانیا گەورەکان و بەتایبەتیش ئەمریکی و بەریتانییەکان نەک هەر خواستی بەشدارییان نەبووە، بەڵکوو دەکشێنەوە و کشاونەتەوە، بەڵام کۆمپانیا چینی و رووسییەکان دەیانەوێت کارەکانیان فراوانتر بکەن و فەرەنسییەکانیش رێککەوتنێکی مێژوویان کردووەو، خەلیجییەکانیش، بەتایبەتیش ئارامکۆی سعودی داوای گۆڕینی شێوازی گرێبەستەکان دەکەن.

لەڕاستیدا، گەڕی پێنج پڵەس بەواتای ئەو کێڵگە نەوتی و گازییانە دێت کە نەتوانراوە لەو گەڕەدا و لە 2018دا سەرنجی کۆمپانیاکان بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەکەیان لە پیشەسازی نەوتی و گازی عێراق رابکێشێت، بەڵام ئەمجارە چی گۆڕاوە و نێوەڕۆکی شێوازی "گرێبەستی گەڕان، پەرەپێدان و بەرهەمهێنان"ی EDPC یان بە بێ گەڕان DPC چییە کەوا چاوەڕواندەکرێت وەبەرهێنەر بۆ 30 کێڵگەی گازی و نەوتی لە عێراق بهێنێت؟

خستنەگەڕی"گرێبەستی پەرەپێدان و بەرهەمهێنان"ی DPC تۆتاڵ ئینرجی لە کێڵگەی رەتاوی بۆ بەرهەمهێنانی 60 هەزار بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا وایکردووە کەوا ئەم دوو جۆرە نوێیەی گرێبەستی عێراق سەرنجی وەبەرهێنەران رابکێشێت، بەتایبەتیش دوای کەمکردنەوەی " کەمترین پابەندبوونی کار و کەمترین خەرجی کار لەلایەن کۆمپانیای وەبەرهێنەر". هەروەها، کەمکردنەوەی شاهانە royalty لە گرێبەستەکانی EDPCدا کە پێشتر 25%ی بۆ دانراوە، بەڵام لەم گەڕەدا چاوەڕێ دەکرێت بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمبکرێتەوە. ئەمە سەرەڕای گۆڕینی شێوازی گرێبەستەکان لەبارەی هاوبەشی بەرهەمەوە، کە بەرهەمهێنانی بازرگانی زیادکردووە بەشێوەی رێژەی سەدی بێت بۆ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، لەجیاتی بڕی 10 هەزار بەرمیل کە لە شیوازی گرێبەستەکانی پێشووتر دانرابوو. لەکۆتاییدا کۆمپانیاکان دوای دەرکردنی خەرجییەکانی وەبەرهێنان و بەکارخستن و شاهانەیی، دەتوانن بەڕێژەی رێژەی سەدی پاداشتی جیاواز قازانجی فرۆشتنی نەوت یاخود گاز وەربگرن.

ئەم دێڕانەی سەرەوە دەمانباتەوە سەر ناونیشانەکە و شێوازی گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، بەڵام ئەگەر جیاوازیش لەرێژەکان هەبێت ئەوا پەیوەستە بەمەترسی وەبەرهێنان، هەبوونی داتا و زانیارییەکان، هەبوونی بیری هەڵکەندراو و توانای سیاسی و ئابووری عێراق وەک دەوڵەت نەوەکو شتێکی دیکەی جیاوازلەوەی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دوو دەیەی رابردوودا کردوویەتی.

## 30 کێڵگەی نەوتی و گازی لە گرێبەستە نوێیەکان لە عێراق

عێراق نزیکەی 15 ساڵ کاری بە کۆمپانیا نێوخۆییەکان و گرێبەستی خزمەتگوزاری کرد، بەڵام نەتوانرا نەک پەرە بە بەرهەمهێنانی نەوت بدرێت و گازی هاوەڵ بەفیڕۆ نەڕوات، بەڵکوو ئێستا زۆربەی بیرەکان پێویستیان بەکاری پەرەپێدان هەیە کە بە Enhance Oil Recovery ناسراوە. دوای نزیکەی 18 ساڵ، هەوڵەکانی بەشداری کۆمپانیا گەورەکانی نەوت بۆ وەبەرهێنان لەم کەرتەدا لە گەڕی پێنجەمی گرێبەستەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان جێبەجێ کرا، وەک گرێبەستەکانی کرێسنت پیترۆلیوم و تۆتاڵ، بەڵام ئەمەش نەیتوانی وەبەرهێنان بۆ ئەو کێڵگانە بهێنێت کە نوێن و کۆمپانیاکانی وەزارەتی نەوتی عێراق کاری تێدا ناکەن. هەربۆیەش شێوازی گرێبەستەکان هەموارێک کراوە تاوەکو بتوانێت سەرنجی وەبەرهێنان رابکێشێت و شێوەی گرێبەستی هاوبەشیکردنی بەرهەمهێنانی PSC بێت.

ئێستا، مۆدیلی گرێبەستە نەوتی و گازییەکانی ساڵی 2018ی بەتەواوی هەمواکردووەتەوە و دەیەوێت کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت و گاز رابکێشێت بۆ وەبەرهێنان لە 11 کێڵگەی گازی و 3 کێڵگەی نەوتی لە گەڕی شەشەمدا و 11 کێڵگەی نەوتی و 5 کێڵگەی نەوت و گاز لە گەڕی پێنج پڵەس دا.

هەمواركردنەوەکانی بەند و بڕگەکانی هەردوو شێوازە نوێیەکەی بەرهەمهێنانی نەوت "گرێبەستی گەڕان، پەرەپێدان و بەرهەمهێنان" EDPC یان "گرێبەستی پەرەپێدان و بەرهەمهێنان" DPC ، بەجۆرێکە کە لە شێوازی دووەمدا ئەو کێڵگانەی گەڕانی بۆ کراوە و داتاکانی 2D Seismic ی ئامادەکراوە، بگرە بیری تاقیکردنەوەشی لێدراوە. بۆ نموونە لەو 30 بلۆک و کێڵگە نەوتی و گازە نوێیەی کە ئامادەکراوە بدرێت بە وەبەرهێنەران، تەنیا 7 دانەیان پێویستی بە گەڕانە، لەکاتێکدا ئەو کاتانەی کە هەرێمی کوردستان لەساڵەکانی 2004-2012 گرێبەستەکانی نەوت و گازی واژۆ دەکرد نەک 2D Seismic و بیری تاقیکراوە نەبوو بگرە بە زانیاری ناوچەکان و ئەگەری هەبوونی نەوت گرێبەستەکان واژۆ دەکرا، هەربۆیەش ئێستا داهاتەکەی بەڕێژەی 48% بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و 52% بۆ خەرجی وەبەرهێنان و بەکارخستن و قازانجەکانیان لەو سەرمایەی بەگەڕیان خستووە.

ئێستا ئەوەی لە کەرتی نەوت و گاز دەبینرێت ئەوەیە کە کابینەکەی سوودانی ئاسانکاریی بۆ واژۆکردنی گرێبەستەکان کردووەو

لەوبارەیەوە قۆناخی دوو کابینەکەی پێش خۆی تێپەڕاندووە. بەتایبەتیش گرێبەستەکانی بواری وزە کە لەڕووی واژۆکردنەوە زۆر براوەتە پێشەوە، چ لە واژۆکردنی گرێبەستی تۆتاڵ، کرێسنت پیترۆلیوم بێت یاخود پەسەندکردنی جێهێشتنی کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل و فراوانبوونی کاری کۆمپانیا چینی و رووسیەکان بێت، بەڵام ئەگەر وێنە گەورەکە لەبەرچاو بگرین، گرێبەستەکەی تۆتاڵ دوای دوو ساڵ لە واژۆکردن و کۆبوونەوە و هاتووچۆ، تازە یەک پرۆژەی بەفەرمی کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هەروەها، ئەگەر بڕوانینە داتاکانی خشتەی یەکەم، ئەوا بەڕوونی دەردەکەوێت کەوا ئەو کێڵگە گازییانەی ئامادەکراون بۆ گەڕی شەشەم دەکەونە پارێزگاکانی نێوەڕاست و باکووری عێراق، کە هەندێکیان بەپێی ماددەی 140ی دەستوور و حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوچەی کێشە لەسەرن، بەڵام بەغدا بەناوچەی دەوڵەتی عێراقی دەزانێت نەوەکو کێشە لەسەر وەک لەماوەکانی پێشوودا بەڕوونی وەزیری نەوت گوتی " ئەو گرێبەستانەی واژۆکراون زۆربەیان لەو ناوچانەن، کە ناکۆکی لەسەر نییە."

روویەکی دیکەی ئەم گرێبەستانە پەیوەستە بەکاتەوە بۆ واژۆکردن و جێبەجێکردنیان، چونکە پێش رێککەوتنی هەولێر و بەغدا بێت لەسەر پرسی وزە و یەکلاکردنەوەی یاسای نەوت و گازی عێراق ئەوا بەدڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر گفتوگۆکان دەبێت، بەپێچەوانەشەوە هەر راستە.

خشتەی 1: گرێبەستە گازی و نەوتییەکانی گەڕی پێنج پڵەس و شەشەم بەپێی پارێزگاکان و جۆرەکانیان.

| ژ | ناوی کێڵگەکان | گەڕی گرێبەستەکان | پارێزگا | رووبەرەکەی (کیلۆمەتر دووجا) | جۆری کێڵگەکە | هەڵکۆڵینی بیر وداتای بەردەست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | زوربائیە | گەڕی پێنجەم | دیالە وواسط | 360 | نەوت | بلۆکی گەوران و یەک بیر لێدراوە |
| 2 | شیهابی | گەڕی پێنجەم | واسط و میسان | 1428 | نەوت | بلۆکی گەوران |
| 3 | فاو | گەڕی پێنجەم | بەسرە | 1398 | نەوت | بلۆکی گەوران و یەک بیر لێدراوە |
| 4 | جەبەل سەنام | گەڕی پێنجەم | بەسرە | 235 | نەوت | بلۆکی گەوران و یەک بیر لێدراوە |
| 5 | کەنداوی عەرەبی | گەڕی پێنجەم | لەنێو دەریا | 400 | نەوت | بلۆکی گەوران |
| 6 | دەیما | گەڕی پێنج پڵەس | میسان | 451 | نەوت و گاز | یەک بیر لێدراوە |
| 7 | قەڵات سالەح | گەڕی پێنج پڵەس | میسان- بۆ پارێزگاکانی دیکە | 310 | نەوت | یەک بیر لێدراوە |
| 8 | ساسان | گەڕی پێنج پڵەس | نەینەوا | 197 | نەوت و گاز | دوو بیر لێدراوە |
| 9 | ئالان | گەڕی پێنج پڵەس | نەینەوا | 162 | نەوت و گاز | دوو بیر لێدراوە |
| 10 | پولخانە | گەڕی پێنج پڵەس | سەلاحەدین | 412 | نەوت و گاز | حەوت بیر لێدراوە |
| 11 | کۆمەڵەی فورانی نێوەڕاست | گەڕی پێنج پڵەس | نەجەف و کەربەلا | 1073 | نەوت و گاز | شەش بیر لێدراوە |
| 12 | رۆژهەڵاتی بەغداد- باکوور | گەڕی پێنج پڵەس | بەغداد - سەلاحەدین | 231 | نەوت | دوانزە بیر لێدراوە |
| 13 | زوفرییە | گەڕی پێنج پڵەس | واسط | - | نەوت | دوو بیر لێدراوە |
| 14 | ئەبو خەیمە | گەڕی پێنج پڵەس | موسەننا | 294 | نەوت | یەک بیر لێدراوە |
| 15 | بلۆکی 11 | گەڕی پێنج پڵەس | نەجەف و موسەننا | 8000 | نەوت | بلۆکی گەوران و یەک بیر لێدراوە |
| 16 | بلۆکی 7 | گەڕی پێنج پڵەس | دیوانیە، بابلیۆن، نەجەف ،واسط و موسەننا | 6000 | نەوت | بلۆکی گەوران |
| 17 | تل هاجەر | گەڕی شەشەم | نەینەوا | 7300 | گاز | دوو بیر لێدراوە |
| 18 | خلیسی | گەڕی شەشەم | نەینەوا و ئەنبار | 7300 | گاز | یەک بیر لێدراوە |
| 19 | عەنا | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 7100 | گاز | - |
| 20 | ئەنبار | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 8500 | گاز | - |
| 21 | ئالنز | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 8521 | گاز | - |
| 22 | ئوکاشات | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 6665 | گاز | - |
| 23 | باکووری روتبا | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 6500 | گاز | - |
| 24 | باشووری روتبا | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 7907 | گاز | - |
| 25 | نوال | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 9001 | گاز | - |
| 26 | والید | گەڕی شەشەم | ئەنبار | 8300 | گاز | - |
| 27 | قورنەین | گەڕی شەشەم | ئەنبار و نەجەف | 8500 | گاز | - |
| 28 | ئەدان | گەڕی شەشەم | موسەننا | 4400 | نەوت | 2D Seismic |
| 29 | شەییان | گەڕی شەشەم | موسەننا | 2100 | نەوت | 2D Seismic |
| 30 | سۆمەری رۆژهەڵات | گەڕی شەشەم | موسەننا | 1700 | نەوت | 2D Seismic |

سەرچاوە: گۆڤاری میس، ژمارە 40، 6ی ئۆکتۆبەری 2023 و گرێبەستە پێشنیازکراوەکانی خوولی پێنجەم، پێنج پڵەس و گەڕی شەشەم.

## چارەنووسی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان داواکاری بەغدا و کۆمپانیاکان

رۆژی 5ی ئەم مانگە کۆمپانیاکانی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئەپیکۆر لە درێژەی بەیاننامە بڵاوکراوەکانیان دووبارە ئاماژەیان بە "پاراستنی مافی گرێبەستەکانیان" کرد، کە بەردەوام ئەم داواکارییە بە رەسمی و نارەسمی دووبارە دەکەنەوە، ئەم پێشهاتە لەکاتێکدایە بەمدوایە و دوای سەردانی سوودانی بۆ هەولێر، شاندێکی وەزارەتی نەوتی عێراق سەردانی هەولێر کرد و دوو رۆژ بەردەوامی بە دانوستاندنەکان دا و وەزیری نەوتی عێراق وەک هەمیشە گوتی "نزیکین لە رێککەوتن و ئێمە جەخت لە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە بەندەری جەیهانەوە دەکەینەوە، بەڵام هەندێک شت پێویستی بە گۆرانکارییە بەتایبەتیش گرێبەستەکان و لەم ماوەیەدا ئەویش چارەسەر دەکرێت".

لەڕاستیدا ئەوە هەشت مانگ و 10 رۆژ زیاترە کێشەکان چارەسەرنەبوون، بگرە هەموو کۆمپانیاکان دەستیانکردووە بە فرۆشتنی نەوت لەنێوخۆدا، کە نرخەکەی نیوەی ئەو نرخەی نەوتە کە لە بازاڕەکانی جیهان دا مامەڵەی پێوەدەکرێت، ئەمەش زیانی بە کۆمپانیاکان، بودجەی گشتی دەوڵەتی عێراق و دەوڵەت و کۆمپانیاکانی تورکیا، بەتایبەتیش و لە هەمووی زیاتر حکومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستان گەیاندووە.

لەڕووی دەستوورییەوە، لە دەستووری عێراق دوو مادده تایبەتکراوە بە پرسی نەوت و گاز، کە ئەوانیش  ماددەی 111 و ماددەی 112ن، کە هیچ باس لە چۆنیەتی بەڕێوەبردن و داڕشتنەوەی سیاسەتی نەوت و سامانی سرووشتی وڵاتیان تێدا نەکراوەو، بەڵکو ئەوە بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و گاز جێهێڵراوە کەدوای دوو دەیە هێشتا روون نییە کەی دەردەکرێت. بەئەگەری زۆر ئەو کاتە دەردەکرێت کەوا باڵادەستی لایەنێک و ئامانجەکانی لە یاساکەدا بەتەواوی بەدی دێت.

ئیستا، هەموو چاوەکان لەسەر بڕیاری حکومەتی عێراق و وەزارەتی نەوتە بۆ چۆنیەتی هەموارکردنەوەی رێککەوتنامە نەوتییەکانی نێوان کۆمپانیاکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا بەپێی رێککەوتنی نیسانی 2023 نێوان هەولێر و بەغدا، دەبوایە ئەم پرسە بکەوێتە دوای هەناردەکردنەوەی نەوت نەوەکو پێش هەناردەکردنەوەی نەوت. هەرێمی کوردستان گرێبەستە نەوتی و گازییەکانی لەبەر رۆشنایی یاسای نەوت و  گازی 6ی ئاب 2007  پەرلەمانی کوردستان واژۆکردووە، کە دادگای فیدراڵی لە 6ی شوبات بە نادەستووری دانا، ئێستا ئەگەر ئەو رێککەوتننامانە هەموار بکرێتەوە ئەوا بەشێوەیەک لە شێوەکان دەکەوێنە بەردەم دوو راستی سەیر:

یەکەمیان، ئایا رێککەوتنەکان یاساییە و هەموار دەکرێنەوە یاخود نایاساییە و دووبارە رێککەوتنی نوێ دەکرێت؟ ئەگەر یاسایین و هەموار دەکرێنەوە، بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی کە بەنادەستووری و نایاسایی داینابوو چی لێدێت؟

دووەمیان، ئایا واژۆکردنی رێککەوتن و کارکردنی وەزارەتی نەوتی عێراقی لەگەڵ کۆمپانیای کرێسنت پیترۆڵیۆم بۆ وەبەرهێنان لە سێ کێڵگەی نەوتی و گازی لە پارێزگای دیالە و بەسرە و کەوتنەبواری جێبەجێکردنی لە 15ی نۆڤەمبەری 2023وە چ واتایەک دەدات؟ چونکە ئەم کۆمپانیایە لە هەرێمی کوردستان کار دەکات و گرێبەستی هەیە، کە پێش بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و دادگای ناوبژیوانی پاریس ئاگادار دەکرانەوە کار لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکەن.  یاخود رێککەوتنی گازی و نەوتی جیاوازە؟ چونکە کرێسنت پیترۆڵیوم لەبەر هەمان رۆشنای یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و شێوازی گرێبەستی هاوبەشیکردن لە بەرهەمهێنان PSC هاتووەتە هەرێمی کوردستان و بەردەوامە لە فراوانکردنی کارەکانی و بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی گاز و تەنانەت رەوانەکردنی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەغدا.

## کۆتایی

واژۆکردن و بڵاوکردنەوەی رێککەوتنە نوێیەکانی گەری پێنج پلەس و گەڕی شەشەم ئەگەرسەرنجی کۆمپانیا نەوتی و گازییەکانی جیهان بۆ وەبەرهێنان لە عیراق رانەکێشێت ئەوا دەبێت چ گۆڕانکارییەکی دیکە بکرێت بۆ هاتنی کۆمپانیا جیهانییەکانی ئەم بوارە بۆ وەبەرهێنان لە عێراق.

رۆژانە زیانەکانی راگرتنی هەناردەنەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو نۆ مانگەی رابردوو دەگاتە نزیکەی 9 ملیار دۆلار بۆ هەموو لایەنەکان، بەڵام چەند پرسیارێک دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە بۆچی حکومەتی عێراق ئامادە نییە نیوەی ئەو 80 دۆلارە وەربگرێت کە تەنانەت ئەگەرهەناردەکردنەوەی نەوت بەشێوازی پێشووتر بێت و بۆخۆیشی سەرپەرشتی فرۆشتنی بکات دەستی دەکەوێت، لەکاتێکدا ئێستا هەشت مانگ و 10 رۆژ زیاترە راگیراوە و دینارێکی دەستنەکەوتووە لەم پرۆسەیەوە کە بەپێی بودجەی 2023ی عێراق، دەبوو رۆژانە 28 ملیۆن دۆلار داهاتی بۆ حکومەتی عیراق هەبوایە.

پرسیاری دووەمیان پەیوەستە بە کۆمپانیا نەوتییەکان، بۆچی رازین بە نرخی 33-39 دۆلار بەرمیلێک نەوت بفرۆشن بەڵام ئامادە نین بە نرخی نزیک لە برێنت بیفرۆشن کە لەم رۆژانەدا 80 دۆلارە، ئایا قازانجیان لە 40 دۆلارەکە و فرۆشتن بە ناوخۆ دایە وەکو لە 80 دۆلارەکە بۆ بەندەری جەیهان یاخود راستییەکە چییە ؟

پرسیاری سێیەمیان پەیوەستە بە تورکیاوە، بۆچی سەرەتا تورکیا بە بیانوی نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی زیانی زەویلەرزەکەی باکووری کوردستان و تورکیا رێگەی بەهەناردەکردنەوە نەدەدا، ئێستا دەڵێت بە فەرمی حکومەتی عێراقیان ئاگادارکردووەتەوە و دەبێت رۆژانە زیانی هەناردەنەکردنەوەی نەوت بە بۆرییەکە بدات، ئایا بەمدواییە عێراق لە پارەکە خۆش بووە، کە دەبوایە تورکیا لە قەرەبوو بیدات وەک لە بڕیارەکەی دادگای پاریس هاتووە؟ یاخود یارییەکە بەشێوەیەکە هەر جارە و لایەنێک و کێشەیەک بێتە ئاراوە بۆ بەردەوامی راگرتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان.

لەکۆتاییدا، نێوەرۆکی گرێبەستەکانی عێراق گۆڕاوە بۆیە کرێسنت پیترۆڵیۆم و تۆتاڵ ئینرجی وەبەرهێنان دەکەن، دەتوانین بڵێن گۆڕانکارییەکە هاوشێوەی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستانی لێکراوە، بەڵام بە ناوی جیاواز و رێژەی کەمتر لە بەرژەوەندی کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان، ئەویش پەیوەست بەو راستیانەی کە لەسەرەوە باسکراوە ئەگینا گرێبەستەکانی ئەم دوو گەڕە نوێیە لە ناوەڕۆک دا گرێبەستی هاوبەشیکردنی بەرهەمهێنان  PSC و هاوشێوەی ئەوانەی هەرێمی کوردستانن، بەڵام لە ناونیشان جیاوازن، پێشتر دەگوترا

بانێک و دوو هەوا، بەڵام ئەمەی ئێستا دوو بان و یەک هەوایە.